Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.19627

# شێوازی قسەکردنی رۆژانەی گەنجان لە ئەمڕۆدا ( خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان وەك نموونە)

**ئاریا یاسین عبدالله**

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی گەرمیان

***Article Info***

Received: May, 2019

Revised:June,2019

Accepted: July ,2019

***Keywords***

پەیوەندیکردن، ئاخاوتن، شێوازی قسەکردن، مەترسی.

***Corresponding Author***

Arya.yasin@garmian.edu.krd

## پوختە

ئەم توێژینەویە، کە لەژێر ناونیشانی(شێوازی قسەکردنی رۆژانەی گەنجان لە ئەمڕۆدا) ئەنجامدراوە، هەوڵدانێکە بۆ تیشکخستنە سەر شێوازی قسەکردنی رۆژانەی گەنجانی ئەم سەردەمە. توێژینەوەیەکە دەچێتە خانەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوەو تەنها لە چوارچێوەی ئاخاوتندایەو بە رێبازی پەسنیی و بەڕێگای (روپێوی) و بە شێوەیەکی کارەکی ئەنجامدراوە لە رێگای بەکارهێنانی فۆرمی راپرسیەوە، کە لەلایەن چەند کەسانێکی پسپۆڕو زمانەوانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە، پاشان دابەشکراوە بەسەر بەرتوێژاندا، کە توێژی گەنجانی زانکۆن، لەئەنجامدا دەرکەوتووە، کە ئەم توێژە رێژەیەکی زۆر وشەی بییانی لە قسەکردنی رۆژانەیاندا لەنێوخۆیان بەکاردەهێنن، توێژینەوەکە بۆیدەرکەوتوە، سۆشیاڵ میدیا رێگاخۆشکەربووە بۆ ئەم دیاردەیە، کەلەرێگایەوە وشەکان پەرەیسەندووە و بەرچاوو گوێیان کەوتووە، لەلایەکی تریشەوە باری دەروونیی گەنجان و بەکەم تەماشاکردنی زمانی دایکیان (زمانی کوردی) وایکردووە، پەنا بۆ وشەی بیانی ببەن. .

## پێشەکی

توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆئەوەی لەرێگایەوە لە شێوازی قسەکردنی ئەمڕۆی گەنجان بکۆڵێتەوە، کە کەوتووەتە ژێر کاریگەری دیاردەیەکی سەردەمییانەی زمان و وابەستەی قسەکردنی ئەمڕۆی گەنجانە و پانتاییەکی زۆری لە ژیانی رۆژانەی گەنجان داگیرکردووە، ئەویش بەکارهێنا نی وشەگەلێکی بیانی(ناکوردی)یەو رۆژانە لە قسەکردنیاندا بەدیدەکرێن، بە شێوەیەك شێوازێکی قسەکردنی نوێیان بەرهەمهێناوە، کە تاڕادەیەکی زۆر جیاوازە لەشێوازی قسەکردنی کەسانی چین و توێژەکانی تری کۆمەڵ، بەتایبەتی بەتەمەنەکان. ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەم سەردەمە کارێکی تازەیەو لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە توێژینەوەیەکی ئەوها پێویستبوو، کە بکرێت بۆ چارەسەرکردنی هەرمەترسییەك، ئەگەر هەبێت بۆ سەر زمانەکە.

کێشەی توێژینەوە: کێشەی سەرەکی توێژینەوەکەمان بریتیە لە: شێوازی قسەکردنی رۆژانەی گەنجان لە ئەمڕۆدا، هەروەها کاریگەریگەرییە کی لەسەرزمان و گۆڕا نی زمان؟ توێژەر ئەو زاڵبوونەی وشەی بێگانەوزارەکانی تر دەخاتە ڕوو.

*ئامانجی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە لەپێناو گەیشتن بەچەند ئامانجێك ئەنجامدەدرێت، لەوانە:

1. زانینی ڕادەی بەکارهێنانی وشەی نوێ وبیانی لای گەنجان.
2. زانینی هۆکاری بەکارهێنانی ئەو وشانە لای گەنجان.
3. زانینی کاریگەری و ئەگەری بوونی مەترسی بۆ سەرزمان و گۆڕینی بە ئاراستەیەکی نەرێنی.

*رێبازی توێژینەوە: لەم تویژینەوەدا، ڕێبازی (پەسنی) بەڕێگای (روپێوی) بەکارهاتوە.

*سنوری توێژینەوە: لەناو توێژی گەنجاندا چینی گەنجانی زانکۆی گەرمیان هەڵبژێردراون.

سنوری کات: بریتیە لەو ماوەیەی کە فۆرمی ڕاپرسیەکەی تیایدا دابەشکراوە و وەڵامەکان لەبەرتوێژان وەرگیراوە و شیکاری بۆ کراوە، بریتیە لە.(15/3/2019 – 1/2/2019)

سنوری شوێن: بریتیە لە کۆلێژەکانی زانکۆی گەرمیان.

سنوری بابەت: تایبەتە بە زمانەوانی کۆمەڵایەتی و ئاخاوتنی ڕۆژانە

## بەشەکانی توێژینەوەکە

1/1 لایەنی تیۆری توێذینةوة

1/1 -1 گەنج و زمان:

1/1 -1-1 گەنج: گەنجان پێگەیەکی گرنگیان هەیە لەناو کۆمەڵدا، بەهۆی ئەو وزەو جوڵەو چالاکییانەی کە هەیانەو لەبەرئەوەی خاوەنی کۆمەڵێك حەزوو و خولیان و ئارەزوویان لە تاقیکردنەوەی هەموو شتێکی تازە هەیە، ئەمە وایانلێدەکات، کە زۆرجار توشی لادان بن لە کەلتورو یاسا باوەکانی ناو کۆمەڵ لەوانەیش زمان، کە بەشێکە لە کلتوری کۆمەڵایەتی.

سەبارەت بە دەستنیشانکردنی قۆناغی تەمەنی گەنجی، ڕاوبۆچوونی جیاواز هەن بەپێی کۆمەڵ و رادەی ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵە، هەروەها بەپێی دیدی زانستە جیاوازەکان، هەربەکەو بەجۆرێك قۆناغەکانیان دەستنیشانکردووە "یەكێك لە دیارترین ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە کراوە لەسەر دەستنیشانکردنی ئەم قۆناغە، ئەو لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکانە، کە بەپێی ئاماری تایبەت لە نێوان (15-24) ساڵی بۆ داناوە، هەروەها لەهەندێك وڵاتانی تر ئەم تەمەنەی لە نێوان ساڵەکانی(12-32) خەمڵاندووە، ئەمەش بەپێی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ئابوری و کۆمەڵایەتی دەستنیشانکراوە" (سعیدبو معیزة:2006: 175).

بەشێکی تر لە شارەزایانی کۆمەڵناسی دەڵێن: "لاوێتی ماوەی تەمەنی نێوان (13-25) ساڵی لەخۆدەگرێت لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیدا، لەبەرئەوەی ئەم قۆناغە هاوکاتە لەگەڵ شێوازی هەڵسوکەوت و تێڕوانینی تایبەت، بۆیە خاوەنی گرنگییە" (برنهارد شیفةرس، و.یوسف فةقیهي:2008 :19)، کەوایە ئەگەر لەڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە تەمەنی گەنج دیاریبکەین، ئەوا لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە تاك تیایدا ئامادە دەکرێت و ڕێنمایی دەکرێت تا ببێتە کەسێکی گونجاوی کۆمەڵ، ئیدی لێرەڕا کۆتایی بەتەمەنی گەنجی دێت و دەبێتە کەسێکی پێگەیشتوو، کە هەموو بنەما کۆمەڵایەتییەکان جێبەجێدەکات، ئەگەر لە ڕوانگەی بایلۆجییەوە دەستنیشانیبکەین ئەوا لەوکاتە دەستپێدەکات، کە گۆڕانی جەستەیی بەسەریدا دێت وشێوازی منداڵی وندەکات و وەك کەسێکی پێگەیشتو دەردەکەوێت.(سعید بو معیزة:2006: 171)، بەم شێوەیە هەر زانستێك لە ڕوانگەی خۆیەوە ئەم قۆناغە دەستنیشاندەکات، بەبێ گوێدانە بۆچوونی زانستەکانی تر لەسەر هۆکاری دابەشکردنی قۆناغەکان، کەوایە باشترین تەمەن بۆ ئەوەی بکرێتە نموونە بۆ لێکۆڵینەوەکان ناوەندی هەموو ئەو تەمەنانەیە کە دانراوە، واتە تەمەنی(18-25)، ئەمەش بەمانای تەمەنی چونە زانکۆی تاك، لەم قۆناغەدا تاك هەنگاوێکی نوێ بۆ ژیان دەنێت، چ لە ڕووی ڕۆشنبیري و چ لە ڕووی کرانەوەو تێکەڵاو بوونی لەگەڵ زۆرترین کەسی دەوروبەری بەتایبەت هاوتەمەنی خۆی کە کاریگەریان لەسەر یەکتر دەبێت و پێکەوە گۆران لە زۆر کەلتور دەکەن و بە گۆڕانی زمانیشەوە، کە لەڕێگای قسەکردنی ڕۆژانەیاندا کاریگەریان لەسەر یەکتر دەبێت.

1/1 -2 زمان و قسەکردن:

زمان ڕەنگدانەوەی بیری مرۆڤە، بۆیە هەرکەسێك بە چ زمانێك بدوێت بەو زمانەش بیردەکاتەوە، زمان چەند جۆرێکی هەیە وەکو (زمانی نووسین و زمانی قسەکردن...هتد)

1/1 -2-1 (قسەکردن: مەبەست لە قسەکردن دەربڕینی زمانییە بەشێوەی دەنگی "زمان پێرەوێکی تەواو ئەبستراکت و فۆرمییانەیە، تێکرای ئەو چشتانەی پەیوەندییان بە دەنگەوە هەیە لە خانەی قسەکردندان، قسەکردن کردەیەکی ڕوتی تاکییە، بەو واتایەی دەتوانین هێمای لەرەو بەرجەستەکردنی فۆنەیتیکی تۆماربکەین. (جاناتان کالر، و.مستەفا غەفوور،:٢٠١٤: ١١٣ )

بەم پێیە لەلای سۆسێر قسەکردن فۆنەیتیکە، زمانیش، کە پێرەوەکەی ناو مێشکە، فۆنۆلۆژییە، کەواتە قسەکردنی تاکەکان، کە دەوروبەرە دەنگییەکە کاریگەریی لەسەر دادەنێت و فۆنەیتیک دێتەئاراوە، لایەنی کردەیی پێرەوەکەی مێشکەو لە کەسێکەوە بۆ کەسێک و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەک و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت. "قسەکردن وێنەی ڕاستەقینەی زمانەو چەندین شتی شاراوەمان پێدەدات، کە لە نووسیندا دەرناکەوێت" (عبدالواحید موشیر دزەیی:2012:23) قسەکردن دیوێکی زمانەو لەگەڵ نووسیندا وەکو دوودیوی دراوێکن و تەواوکەری یەکترن و کاریگەریان لەسەر یەکترە.

1/1 -2-2 (شێوازەکانی قسەکردن:

مەبەست لە شێوازی قسەکردن، ئەو دەربڕینانەی تاکە، کە ڕۆژانە لە شوێنی جیاوازداو لەگەڵ کەسانی جیاواز پێی دەدوێت.

دوو جۆر لە شێوازی قسەکردن هەیە، ئەوانیش:

1/1 -2-2-1 (شێوازی قسەکردنی فەرمی: لەم جۆرە قسەکردنەدا قسەکەر پێویستە پابەندبێت بە بەکارهێنانی وشەو زاراوەی فەرمی و، ئەو وشانەی کە ئاماژەن بۆ ڕێزگرتن، ئەو شێوازە قسەکردنە هەمان ئەو زارەیە کە لەدامودەزگاکان و شوێنە فەرمییەکان بەکاردەهێنرێت و نووسراوی پێدەکرێت، هەروەك لە خوێندنگاکاندا بڕیارلێدراوەکانی خوێندنی پێنووسراوەتەوە (هەرکات ئەم شێوازە قسەکردنە لەنێوان تاکەکاندا بەکارهێنرا، ئاماژەیە بۆ ئەو ماوە کۆمەڵایەتییە دوورەی، کە لەنێوان قسەکەرو گوێگردا هەیە و وەك ئەوەی کاتێك فەرمانبەرێك لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی یان خوێنکارێك لەگەڵ مامۆستاکەی گفتوگۆ بکات).(شەهاب شێخ تەیب:2013:298).

1/1 -2-2-2 (شێوازی قسەکردنی نافەرمی: لەم شێوازەی قسەکردن قسەکەر بەشێوەی هەرەمەکی قسەدەکات و پابەند نابێت بە بەکارهێنانی زاری فەرمی، ئەم شێوازە لەنێوان خێزان و هاوڕێ و شوێنە نافەرمییەکاندا بەکاردەهێنرێت "ئەم شێوازە بەگشتی لەگەڵ

کەسانی نزیك و هاوڕێ و هاوپلەو پایە و هاوتەمەنەکان بەکاردەهێنرێت، کە شێوازێکی ئاسایی و دۆستانەیە .(ئارام عبدالواحید حمه رەشید: 2013: 226)، بۆیە دەبینین لەم شێوازەی قسەکردندا، کە لەنێوان هاوتەمەنەکاندا بەکاردەهێنرێت کۆمەلێك کۆد و وشەی تایبەت بەخۆیان هەیە، زۆربەی جار تەنها خۆیان لێیتێدەگەن و (کۆمەڵی قسەکردن (المجموعه الكلاميه) ) ی تایبەت بەخۆیان پێکدەهێنن کە "بریتییە لە کومەڵێك کەس کە پەیوەندی پێکەوە دەکەن بە رێگای راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ ئەمەش بەرێگای زمانی تایبەت بەخۆیانەوە". (هدسن،و.محمودعبدالغنی:1987:53) ئەمەش رەنگە کێشەی لێێکتینەگەیشتنی لێبەکەوێتەوە لەنێوان توێژی گەنجان و توێژەکانی تری وەك(بەتەمەن و منداڵان)، ئەگەرچی زمانی قسەکردن جیاوازە لە زمانی نووسین و ئەگەر قسەکردنەکەش شێوازی نافەرمی بێت، بەڵام دەبێت بزانین، ئایا ئەم شێوازە قسەکردنە جیاوازەی گەنجان کە پرە لە وشەی بیانی، مەترسی بۆ سەر گۆڕانی زمان دەبێت بەدیوێکی نەرێنیدا یاخود نا؟ بەکارهێنانی وشەی بیانی لە بری کوردی، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتێکی دوورو درێژدا دوو پرۆسە بەرپادەبن:

1. وشە بیانییەکان واتای وشە کوردییەکان لە خۆیان کۆدەکەنەوەو کوردیش لە کاتی بەکارهێنانیاندا وەك قسەکەرانی زمانی بیانی بەو وشانە بیردەکەنەوەو هەڵسوکەوت دەکەن، وشە بیانییەکانیش لە فەرهەنگدا تەنگ بە وشە کوردییەکانی بەرانبەریان هەڵدەچنو جێی ئەوان دەگرنەوە، بۆ نموونە: سەعات. کاژێر، (رێبەر گۆران: 2013 : 247).

2. هەندێك جار واتای وشە بیانییەکان بۆنموونە وشە عەرەبییەکان لە وشە کوردییەکانی بەرانبەریان کۆبونەتەوەو خۆیان تێهەڵکێشی ناو وشە کوردییەکانو فەرهەنگی نەتەوەیی کردووە، بۆیە ئەم لایەنەی وشە بیانییەکان تازەیی وشەی کوردی جوانتر دەکەن، ئەمەش بووەتەهۆی گواستنەوەی فەرهەنگی عەرەبیو ئیسلامیی بۆ ناو فەرهەنگی زمانی کوردی، بۆ نموونە: قەزاو قەدەر.(محمد محوی:2003: 21).

١/٢ (گۆڕانی زمان لای گەنجان

١-٢/٢ (چەمك و پێناسەی گۆڕانی زمان:

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، کۆمەڵیش گۆڕانی بەسەردا دێت بەهۆی هەندێك بارودۆخەوەو بۆیە زمانیش گۆڕانی بەسەردا دێت و گەشەدەکات، ئەم گۆڕانەی زمانیش هەموو پێکهاتەکانی دەگرێتەوە بەرێژەی جیاواز، نەوە لەدوای نەوە هەست بەم گۆڕانانە دەکەن (ئاریا یاسین عبدالله :23:2015)، "گۆڕان لەزمان دیاردەیەکی بەرچاوی زمانناسییەو هەردەبێت رووبدات، هیچ زمانێك نییە بتوانێت لەم گۆڕانانە دەربازیبێ، بۆیە هەموو زمانێکی زیندوو هەردەبێت بەم قۆناغانەی گەشەو گۆڕاندا تێپەڕێت ". (نەریمان عبدالله خۆشناو:3:2014 )، کاتێك دێینە سەرباسکردن لە گۆڕان و گەشەی زمان نابێت ئەوە لەیادبکەین، کە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو دووانەدا، (گۆڕانی زمان) (التغير اللغوى) ,(language change) کە دیاردەیەکی تێبینیکراوەو لەماوەیەکی کورتدا هەستیپێدەکرێت، وەك هاتنە ناوەوەی وشەیەکی تازە بۆ ناو فەرهەنگی زمانەوە بەهۆی هۆکارێکی کوتوپڕەوە (ابراهيم خليل:2010 :233) ، بەڵام (گەشەی زمان) (التطور اللغوي)(Language Evolution) ی پێدەگوترێت، کە بریتییە لە پرۆسەیەکی لەسەرخۆو هەستپێنەکراوە، رێڕەوی گەشەسەندنی زمان هەندێکجار ئەرێنی دەبێت بۆ زمان وەکو چۆن هەندێکجاریش نەرێنییەو زمان بەرەو ئاستێکی نزم دەبات و لەناویدەبات، وەکو چۆن گۆرانی زمان بووەهۆی لەناوچوون و مردنی زمانی لاتینی.

٢_١_٢/٢ (هۆکارەکانی گۆڕان و گەشەی زمان:

زۆر هۆکار هەن، کەراستەوخۆ و ناراستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر گۆڕان وگەشەی زمان دەبێت، هەریەکەیان بە رێژەیەکی جیاواز لەویتریان ئەو کاریگەرییەی لەسەر زمانەکە رەنگدەداتەوە، هەموو ئەو گۆڕانانەش بەپێی تێپەربوونی کات رودەدەن، هەندێك لەو گۆڕانانە زۆر چالاکن و بۆ هەموو سەردەمێك کاریگەرییان دەبێت، هەندێکی تریان بەبەراورد بە هۆکارە چالاکەکان، کاریگەرییەکەیان تەنها لەماوەیەکی کاتیی دیاریکراودایەو بەردەوام نین.

هۆکارەکانی گۆڕان و گەشەی زمان دەکرێت کۆبکرێنەوە لە هۆکارەکانی( ئاینی، رامیاری، ئابوری، جوگرافی، هەروەها (کۆمەڵایەتی و دەروونی و رۆشنبیری) پێکەوە، هەندێك لەم هۆکارانە بەبەراورد بە بەوانی تر چالاکنین، لەوانە هۆکاری ئاینی، کە بۆ سەردەمێك و لەکاتی هاتنی ئەو ئاینەدا بۆ ناو نەتەوەیەك، قسەپێکەرانی ئەو نەتەوەیە کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئاینەکەو ئەو زمانەی کە ئەو ئاینەی پێدابەزیوە، بۆ نموونە "زمانی ئاینی ئیسلام، کە قورئانی پیرۆزەو بەزمانی عەرەبی نووسراوەتەوە، کاریگەرییەکی زۆری کردووەتە سەر نەتەوە موسڵمان بووەکان لەوانەش نەتەوەی کورد، بەجۆرێك زۆر وشەو زاراوە هەن، بەهۆی دەقە ئاینییەکانەوە، کە بەزمانی عەرەبین، هاتوونەتە ناو زمانەکەو وشەی کوردی رەسەنمان نەبووە بەرانبەریان، بۆیە ئەو وشانە پاش ئەوەی کە کەوتونەتە ژێر کاریگەری یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردییەوە، فەرهەنگی زمانەکەمانی پێ دەوڵەمەند بووە" ( نەریمان عبدالله خۆشناو:2014: 7) ، کەوایە ئاین هۆکارێك بووە بۆ گۆڕانی زمان بۆ سەردەمێکی دیاریکراو، واتە سەردەمی هاتنی ئاینەکە، لە ئێستادا چیتر دەقی ئاینیتر دانەبەزیووە، تا وشەو زاراوەی نوێ بهێنێت لەگەڵ خۆیدا، بۆیە لەئێستادا هۆکاری ئاینی چالاك نییە لە گۆرینی زماندا.

لەلایەکی تریشەوە باری رامیاری وادەکات زمانی نەتەوەیەك یان هۆزێك یان زارێك گۆڕانی بەسەردا بێت، تا وایلێبێت لەناو زمان یان زارێکی تردا بتوێتەوە، چونکە تەنها گرنگی بەزمانی ناوچەی باڵادەستی سیاسی بدرێت و زمانی ناوچەی ژێردەستە وەلاوە دەنرێت (ئازاد عزیز سلێمان :2014: 48)، ئەمە جگەلەوەی، کە لە رێگای وشەو زاراوەی رامیارییەوە، کە بەردەوام دروستدەبێت، زمان فراواندەبێت و کۆمەڵە زاراوەیەك دێتە ناو زمانەکەوە وەکو زاراوەکانی( دانووسان، راپەڕین، قەیران، ریفراندۆم... هتد).

هۆکارێکی تری گۆرانی زمان هۆکاری ئابوورییە، کە بەچەند شێوازێك کاریگەری لەگۆڕانی زمان دەکات، لەوانە لەرێگای ئاڵوگۆڕی شتومەك و بازرگانیکردنەوە کۆمەڵێك وشەی تازە، کە زۆربەیان

بیانین، دێنە نێو زمانەکەوەو بەناچاریش دەچنە فەرهەنگەوە، چونکە ناوی ئامێر و تەکنەلۆجیای نوێن وەکو ( سپلیت، لاپتۆپ، کۆنترۆڵ، صحن، پاسکیل...هتد)، شێوازێکی تری گۆڕان بەهۆی هۆکاری ئابوری لە ئەنجامی کۆچکردنەوە دەبێت، بەهۆی رێکخستنی باری ئابوری و بژێوی ژیانەوە خەڵکی ناچار دەبێت روو لەناوچەیەکی تر بکەن، کە زمانەکەی جیاوازبێت لە زمانی بنەڕەتی خۆیان و لەئەنجامی تێکەڵاو بوونیان بە قسەپێکەرانی ناوچە نیشتەنییە نوێیەکەیان، منداڵەکانیان بە زۆری هەروەها تا رادەیەك گەورەکانیش بەجۆرێك دەدوێن، کە تێکەڵەیەکە لە هەردوو زمان یان زارەکە، یاخود وەکو قسەپێکەرانی ناوچە نوێیەکە دەدوێن و زمانەکەی خۆیان لەیاد دەکەن، ئەگەرچی ئەم گۆڕانە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر فەرهەنگ نابێت، بەڵام شێوازی قسەکردنیان دەگۆڕێت، بەتایبەت ئەگەر گۆڕانەکە لە نێوان دوو زمانی جیاوازبێت مەترسی لەناوچوونی زمانە رەسەنەکە دینێتە کایەوە.

هەرچی هۆکاری جوگرافییە لەوەو پەیدادەبێت، سروشتی جوگرافی ژینگەی زمان کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر جۆری گۆڕانەکە کە توشی زمان دەبێت، بەتایبەتی دراوسێیەتی دوو زمانی جیاواز، کاریگەری زۆری هەیە بۆ سەر زمانەکان، هەردوو زمان وشەو زاراوە لەیەکتری وەردەگرن، بەمەش دیاردەی گۆڕان لەزماندا رودەدات (نەریمان عبداللە خۆشناو: 2014:6).

ماوەتەوە باس لە سێ هۆکاری گرنگ بکەین، کە چالاکترین هۆکارن پێکەوەو بەتەواوکەری یەکتری کاریگەریان لەسەر زمان و گۆڕانی زمان هەیە بە بەردەوامی، ئەوانیش هۆکاری (کۆمەڵایەتی، دەروونی، رۆشنبیری)ین، هۆکاری "کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە داب و نەریتی ناو کۆمەڵگاو داب و نەریتی چینەکانی ناو کۆمەڵەوە هەیە " (بکر عمر علی:2006: 8)، زمانیش بەشێکە لە داب و نەریتی کۆمەڵ، هەرچەندە نەتەوەیەك زیاتر بکرێتەوە بەڕوی نەتەوەیەکی تر و لەرووی کۆمەڵایەتییەوە دورەپەرێز نەبن و، ئاستی رۆشنبیرییان بەجۆرێك بێت قبوڵی داب و نەریت و کلتوری نەتەوەکانی تر بکەن و بەکاریبهێنن، هێندە زمانەکەشیان دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو نەتەوەیەی، کەداب و نەریت و کلتورەکەی لێوەردەگیرێت، هەر بۆیە دەبینین گۆڕانی زمان زیاتر لە زمان و زاری شارنشینەکان رودەدات وەك لە گوندنشینەکان، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو چوارچێوە داخراوەی کە گوندنشینەکان هەیانەو لە سنورێکی جوگرافی و کومەڵایەتی تەسکدا ماونەتەوە، لەکاتێکدا شارنشینەکان زیاتر کراونەتەوە بەڕووی دونیای تەکنەلۆجیاو رۆشنبیری و کلتوری وڵاتانی تر، ئەمەش دیسانەوە وایکردووە کۆمەڵێك وشەو زاراوەی نوێ بێتە ناو زمانەکە ئەگەرچی هەندێك لەم وشانە ناچێتە فەرهەنگەوە، بەڵام کاریگەریان بەسەر زمانی قسەکردنەوە دەبێت، بۆنموونە وشەکانی(سیمینار، دیبەیت، جینز، کابۆ، کاسکێت...هتد)، ئەمەش دیسانەوە هۆکارێکی گەورەی لە پشتەوەیە، ئەویش(مۆدەبوون).بە "بەشێکی کەم لە زمانەوانان پێیانوایە گۆڕانی زمان شتێکی لەخۆوەیە و وەکو مۆدە وایە، مۆدەش ناتوانی تێبینی بکەی وەك پەیدابوونی مۆد لە جلوبەرگ " (نەریمان عبداللە خۆشناو:2014:4)، سەرەڕای ئەمەش هەندێك لەو وشەو زاراوانە هەرخۆی وەکو مۆدە بەکاردەهێنرێت و بەتایبەت توێژی گەنجان پێیانوایە ئەگەر وشەکانی (ئۆکەی، بای، ئۆهـ مای گاد، چێنجکەلەر...هتد) بەکاریهێنن ئیتر کەسانێکی ئاستبەرزو باڵاو مۆدە دەردەکەون، دیارە ئەمەش پەیوەستە بەلایەنی دەرونیی و ئاستی هۆشیاری تاکەوە.

٢-٢/٢ (لایەنی دەروونی و رەنگدانەوەی لەسەرشێوازی قسەکردن :

هۆکاری دەروونی گەورەترین و بەهێزترین هۆکارە، کە کاریگەری هەبێ لەسەر شێوازی قسەکردنی تاك بەتایبەت توێژی گەنجان کەمەبەستی باسەکەمانە، (ئەگەرچی هۆکاری دەروونی رەنگە یارمەتیدەربێت بۆ پەیوەست بوونی تاك بە زمانەکەیەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا رەنگە پاڵنەرێك بێت بۆ هەنگاونانی خەڵکی بەرەو بەکارهێنانی زمانی بێگانەو کەوتنە ژێر کاریگەری دەنگ و وشەکانی زمانێکی بێگانە، یاخود بەکارهێنانی وشەی بێگانە بە تێکەڵکردنیان لەگەڵ زمانی دایك) (ابراهیم خلیل: 2010: 237)، لەبەرئەوەی گەنجان توێژێکن هەمیشە حەز بە دەرکەوتن دەکەن و مەیلیان بەلای تازەگەرییە، بۆیە دەیانەوێت لە رێگای بەکارهێنانی وشەی بیانییەوە جۆرێك لە خۆدەرخستن پیشانی توێژەکانی تری کومەڵ بدەن، لەرێگای پرسیارێکەوە کە یەکێك بوو لەبڕگەکانی فۆرمی راپرسییەکە، ئەو وەڵامەمان دەسکەوت کە زۆربەیان چێژ لەوە دەبینن وشەی بیانی بەکاردەهێنن و هەست بەبوونی خۆیان دەکەن، بڕوانە ناوەڕۆکی فۆرمی راپرسی بڕگەی (2-5) خاڵەکانی.(5-1)

٣-٢/٢ (رۆڵی راگەیاندن لەسەر شێوازی قسەکردنی گەنجان:

پێش باسکردن لە رۆڵی راگەیاندن و کاریگەرییەکانی لەسەرزمان و شێوازی قسەکردنی گەنجان کە هۆکارێکی زۆر بەهێزە لەهۆکارەکانی گۆڕانی زمان لە ئێستادا، پێویستە بزانین، کە "راگەیاندن بریتییە لە بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕو هەواڵ لەناو خەڵکدا لە رێگەی چەند کەناڵێکەوە لە پێناو لێحاڵی بوون و قەناعەت پێهێنان و راکێشانی لایەنگیری، یاخود بریتییە لەو چالاکی و پەیوەندیکردنەی، کە دەبێتە هۆی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری دروست لەبارەی بابەت و کێشەکان، بە جەماوەر " (مەجید ساڵح:2006: 84)، کەوایە میدیاو راگەیاندن بەگشتی وەك تەلەفزیۆن، رادیۆ، رۆژنامە، ماڵپەڕە ئەنتەرنێتییەکان، پێگە کۆمەڵایەتییە ئەلیکترۆنییەکانی وەك فەیسبووك، ئینستگرام، تویتەر) هۆکاری گەیاندنی هەواڵ و زانیارین و کاریگەریان لەسەر کۆمەڵ هەیە بەهەموو توێژەکانەوە بەتایبەت توێژی گەنجان لە کومەڵی کوردیدا، چونکە بە پێی ئەو راپرسییەی کە ئەنجامدراوە دەرکەوت، کە بەپلەی یەکەم و بە رێژەی(42.73)ی گەنجان بەهۆی میدیاو راگەیاندنەوە وشەی بیانی و وشەی کورتکراوە بەکاردەهێنن، وەك (لایك، ئاد، پەیج، فیناڵ، سپ، شن، بش...هتد) ئەمەش بە ئاشکرا کاریگەری میدیامان بۆ دەردەخات لەسەر زمان و بەتایبەت شیوازی قسەکردنی رۆژانەی گەنجان و فەرهەنگی ئاوەزی گەنجان، ئەم کاریگەرییە بەلای هەندێك کەسەوە ئەرێنییەو هەندێکی تریش پێیانوایە نەرێنییە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لێکۆڵینەوەیەك کە ئەنجامدراوە سەبارەت بە (رۆڵی ماس میدیا لەبەرهەمهێنانی واتای کۆمەڵایەتیدا) و بەپێی ئەو راپرسییەی ئەنجامدراوە سەبارەت بە خزمەتکردنی میدیا بە فەرهەنگی کوردی "زۆرینەی بەشداربوان بە رێژەی(39.393%)

پێیانوایە تارادەیەك میدیای كوردی خزمەتی فەرهەنگی زمانی كوردی كردووە، هەروەها بە ڕێژەی (31.818%) لەگەڵ ئەوەدا نین بەهیچ جۆرێك میدیای كوردی خزمەتی فەرهەنگی كوردی كردبێت، كەمترین ڕێژەش كە لە (28.78%)ە پێیانوایە بەڵێ میدیای كوردی لە خزمەتی فەرهەنگی كوردیدا بووە " (تریفە عومەر ئەحمەد:2016:139 )، سەبارەت بە میدیاو ڕاگەیاندن و كاریگەرییەكانی لەسەر زمانی گەنجان بەشێوەیەكی گشتی، لە لێكۆڵینەوەیەكی تردا كە لە وڵاتی جەزائیر ئەنجامدراوە تیایدا توێژەر لە ئەنجامدا گەیشتووە بەوەی كە توێژی گەنجان (19-24) ساڵ زۆرتربنی توێژینەوەكەن، كە پێیانوایە هۆكارەكانی ڕاگەیاندن یارمەتیدەرن بۆ زاڵبونیان بەسەر هەڵسوكەوتە نەریتییەكانیان، بەو پێیەی كە لەرووی ئابوری و كۆمەڵایەتییەوە پێنەگەیشتوون، بۆیە بەدوای هۆكارێك دەگەرێن بۆ خۆدروستكردنیان و دۆزینەوەی شتی نوێ و بەكارهێنانیان بەمەبەستی خۆدەرخستن و بەكامڵ زانینیان). (سعید بو معیزە:2006:342)

١/٣ (تێڕوانینی گەنجان لەبارەی شێوازی قسەكردنیان لەمرۆدا (لایەنی كارەكی توێژینەوە)

لەم بەشەی توێژینەوەكەدا، لەرێگەی ئامرازی (فۆرمی ڕاپرسی) كە یەكێكە لەكەرەستەكانی كۆكردنەوەی زانیاری، هەوڵدراوە پرسیارەكانی پەیوەست بەئامانج و كێشەی توێژینەوەكە ئاراستەی نموونەیەك لە خوێندكارانی زانكۆی گەرمیان بكرێت، پاشان لەرێگای وەرگرتنەوەی وەڵامەكان و شیكردنەوەی زانستی بۆ داتاكان، بەچەند ئەنجامێكی زانستی دەگەین.

*كۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە:

كۆمەڵگەی توێژینەوە: بریتیە لەهەموو خوێندكارانی زانكۆی گەرمیان لەخوێندنی بەیانیان، بۆ ساڵی خوێندنی.(2019 -2018)

نموونەی توێژینەوە: نموونەی هەڕەمەكی ڕێكخراو بەكارهێنراوە، تێیدا (117) خوێندكار لەكۆی (5026) خوێندكاری زانكۆی گەرمیان لەهەردوو ڕەگەزی (نێر، مێ) بەنموونە وەرگیراون، كە دەكاتە (2.32%)ی هەموو خوێندكاران و ئەوەش ڕێژەیەكی گونجاوە. بڕوانە خشتەی ژمارە.(1)

## یەكەم: زانیارییە گشتییەكان

*ڕاستی و دروستی فۆرمی ڕاپرسی :

1.ڕواڵەتی ڕاستی:

بەمەبەستی ڕادەی لەباربوون و گونجاوی بەندەكانی ڕاپرسییەكەو ئەنجامدانی تاقیكردنەوەیەكی تەندرووست، ئەم فۆرمە پێش بەكارهێنانی دراوە بە (5) پێنج پسپۆر بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی، لەپاش پێدانی سەرنج و تێبینییەكانیان و بە لەبەرچاوگرتنیان لەلایەن توێژەرەوە بەپێی پێویستی و گونجان گۆڕانكاری تیایدا كراوە، ئەو هەڵسەنگێنەرانەش ئەمانەن:

٣-١-٢ جێگیری: بۆ دیاریكردنی ئاستی جێگیری (الثبات)ی ڕاپرسییەكە، بەپشتبەستن و بەكارهێنانی هاوكێشەی (سپیرمان) توێژەر ڕادەی ڕاستییەكەی دەرهێناوە كە بریتییە لە ( 94.6%)، كە ئەمەش ڕێژەیەكی پەسەندكراوە لە ڕووی زانستییەوە .

**دووەم: زانیارییە تایبەتەكان**

1.بەكارهێنانی وشەی بیانی لای گەنجان

پلەی یەكەمی بەرتوێژان بەرێژەی (55.97%) وشەی بیانی لەكاتی قسەكردن بەكاردەهێنن، هەروەها پلەی دووەمیان بەرێژەی (44.01%) بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە و وشەی بیانی لەكاتی قسەكردندا بەكارناهێنن.

لەئەنجامەكانەوە دەردەكەوێت بەكارهێنانی وشەی بیانی لای گەنجان لەئاستێكی بەرزدایە و پێویستی بەهەڵوەستە لەسەركردن هەیە

٢. ڕادەی بەكارهێنانی وشەی بیانی لای گەنجان

ئەم برگەیە تایبەتە بەو بەرتوێژانەی كە لە پرسیاری ژمارە (1)دا بە (بەڵێ) وەڵامیانداوەتەوە، بەپێی ئەنجامەكان دەركەوتووە، پلەی یەكەمی بەرتوێژان بەرێژەی (67.52%) ڕێژەی بەكارهێنانی وشەی بیانی لەكاتی قسەكردن مامناوەندە لایان، هەروەها پلەی دووەمیان بەرێژەی (17.09%) ڕێژەی بەكارهێنانی ئەووشانە كەمە لایان و، كۆتا پلەش كە پلەی سێیەمی بەرتوێژانە بەرێژەی (15.38%) وشەی بیانی زۆر بەكاردەهێنن لەكاتی قسەكردنیاندا.

لەرێگەی ئەنجامەكانەوە ڕووندەبێتەوە كە گەنجان بەپلەی یەكەم بەشێوەیەكی مامناوەند لەكاتی قسەكردندا وشەی بیانی بەكاردەهێنن، هەڵبەتە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جێگاو كەسانەی كە تییدا و لەگەڵیاندا ئەم وشانەی تیا بەكاردەهێنن. بڕوانە خشتەی ژمارە (4)

٣. گرنگترین ئەووشە بیانیانەشی كە بەرتوێژان لەكاتی قسەكردن بەكاریدەهێنن، بریتین لە :

)سی یو، ببەخش، داون بووم، فەنی، سانكیو، هەلەو، های، جانم، عەفیە، فول، پرۆفیشناڵ، كیوت، فری، مێرسی، ئۆمی گاد، سپ، شن، نایس، نێڤەر، ئای لەڤ یو، ستۆپ، ئایدیا، نۆرماڵ، مەسج، تیڤی، سۆری، ئۆە مای گەد، یوپی، بای زە وەی، واو، ئەنتەرنێت، چەینج كەلەر، مەنی، ئیكچوەڵی، موب، نەو، هەپی سۆ، فایناڵ، ڤی مالا، كێڵ می، كیس می، وەت زە فاك، سلیپ، تیڤی، ئای دۆنت، براڤۆ، های، ڕووم، ..هتد

٤. .هۆكاری بەكارهێنانی وشەی بیانی لای گەنجان

پلەی یەكەمی بەرتوێژان بەرێژەی (38.46) هۆكاری بەكارهێنانی وشەی بیانی لەكاتی قسەكردن دەگەڕێننەوە بۆ ئارەزوومەندی، پلەی دووەمیان بەرێژەی (31.62%) بۆ ڕاهاتنیان بەووشانە، هەروەها پلەی سێیەمی بەرتوێژانە بەرێژەی (13.67%) پێیانوایە، ئەو وشانە ئاسانن لەسەر زمان، (8.54)ی بەرتوێژەران كە بەپلەی چوارەم دێن، ئەووشە بیانیانە بەكاردەهێنن كە تەنها زانستین و، كۆتا پلەش بە ڕێژەی(7.69)ی بەرتوێژەران بەكارهێنانی وشەی بیانییان بەستووەتەوە بە تەكنەلۆجیاوە.

لەرێگەی ئەنجامەكانەوە ڕووندەبێتەوە كە گەنجان بەپلەی یەكەم لەبەر ئارەزوویانە ئەو وشە بیانییانە بەكاردەهێنن لەكاتی قسەكردندا و بەپلەی دووەمیش، ڕاهاتوون بە بەكارهێنانی ئەو وشانە.

.لەگەڵ بەکارهێنانی وشە و زاراوە بیانییەکان لەکاتی قسەکردندا، بەرتوێژان ئەم هەستانەیان لا دروست دەبێت:

١. هەست بە بوون و مۆدێرنی خۆم دەکەم.

٢. هەست بەجیاوازبوونی خۆم لەگەڵ دەوروبەرەکەم دەکەم.

٣. هەست بەتوانا وشارەزابوونی خۆم دەکەم لەزمانی بیانی.

٤. هەست بەکاریگەری ئەو زمانە دەکەم لەسەر ئاستی زانستی و مەعریفیم.

٥. خۆشحاڵم چونکە من و هاوڕێکانم پێکەوە قسەی پێدەکەین.

٦. هەستێکی ناخۆشە، چونکە بەرامبەرەکەم لێم تێناگا.

٧. هەست بەلەدەستدانی ناسنامەی کوردبوونی خۆم دەکەم بەشێوەیەکی لەسەرخۆ.

٨. هەست بەلاوازی زمانی کوردی دەکەم.

٦. شوێنی بەکارهێنانی وشە بیانییەکان لەلایەن گەنجان

پلەی یەکەمی بەرتوێژان بەرێژەی (46.15%) ووشەی بیانی لەکاتی قسەکردن لەگەڵ هاوڕێکانیاندا بەکاردەهێنن، هەروەها پلەی دووەمیان بەرێژەی (23.07%) وتویانە، کە لەهەموو شوێنێك ئەم وشانە بەکاردەهێنین، پلەی سێیەمی بەرتوێژانیش بەرێژەی (22.22%) تەنها لەزانکۆ وشەی بیانی لەکاتی قسەکردن بەکاردەهێنن، ئەمە لەکاتێکدا لەپلەی چوارەمدا و بە رێژەی (4.27%)ی بەرتوێژان بۆ هەریەك لە (ماڵەوە) و(شوێنی فەرمی) ئاماژەیانکردووە بۆ بەکارهێنانی ئەو وشانە تیایاندا.

کەوایە لەرێگەی ئەنجامەکانەوە ڕووندەبێتەوە کە گەنجان بەپلەی یەکەم و لەگەڵ هاوڕێکانیاندا پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی ئەو وشە بیانیانە لەکاتی قسەکردندا

٧. سەرچاوەی وەرگرتنی وشە بیانیەکان لای گەنجان

لە ئەنجامەکانەوە روونده‌بێتەوە، بە پلەی یەکەم و بەرێژەی (42.73%)ی بەرتوێژان لە رێگای کەناڵەکانی راگەیاندنەوە ئەو وشانەیان بیستووە، و بەپلەی دووەمیش (34.18%)ی بەرتوێژان لەرێگای هاوڕێکانیانەوە بیستوویانە، ئەمە لەکاتێکدا بەپلەی سێیەم و بەرێژەی (23.07%)ی بەرتوێژان لە رێگای خوێندنەوە ئەو وشانەیان بیستووە، ئەمەش ئەوە رووندەکاتەوە کە گەنجان بە پلەی یەکەم لە ژێر کاریگەری کەناڵەکانی راگەیاندن ئەو وشانەیان وەرگرتووە. بڕوانە نەخشەی ژمارە (7).

٨. بۆچوونی گەنجان لەسەر ئەوەی کە چیبکرێت بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی وشەی بیانی.

١. زیاترهانی کەسەکان بدرێت بۆ بەکارهێنانی وشەی کوردی .

٢. خوێندنەوەی زیاتری سەرچاوەی کوردی و نزیکبوونەوە لەو کەسانەی کە بەکوردییەکی رەوان دەدوێن.

٣. پێویستە خەڵکی هۆشیار بکرێتەوە لەسەر بەکارنەهێنانی ووشەی بیانی وسەنتەرێك بکرێتەوە بۆ گرنگیدان بەم بابەتە.

٤. بەکارهێنانی ئەو وشانە دەکەوێتە سەر خودی تاك، بۆیە نەهیشتنی تەنها لەسەر تاکەکان رادەوەستێت.

٥. دەبێت زیاتر پەرە بە زمانی کوردی بدرێت و لەرێگای راگەیاندنەوە هەروەها بەرنامەی تایبەت دابنرێت بۆ چاکسازی لە زمانەکەمان.

٦. بایەخدانی زیاتر بەزمانی کوردی لە خۆێندنگا و پەروەردەدا.

٩. دیدی گەنجان لەسەر بەکارهێنانی وشەی (بیانی، خۆماڵی).

بەپلەی یەکەم و بە رێژەی (82.90 %)ی رایانوایە کە وشەی کوردی و خۆماڵی بەکاربهێنن لەبری بیانی، بەڵام لەلایەکی ترەوەو بە پلەی دووەم و بەرێژەی (17.09%) لەگەڵ بەکارهێنانی وشە بیانییەکانن. ڕووندەبێتەوە کە زۆرینەی گەنجان پێیانباشە لەکاتی قسەکردندا وشەی کوردی خۆماڵی بەکاربهێنرێت، نەوەك ووشە بیانیەکان

١٠. کاریگەری بەکارهێنانی وشە بیانیەکان لەسەر زمانی کوردی

سەبارەت بە رای گەنجان لەسەر کایگەری ئەو وشانە بۆ سەر زمان (43.58%)ی گەنجان بەپلەی یەکەم پێیانوایە ئەو وشە بیانییانە و بەکارهێنانیان دەبێتە هۆی کوشتنی زمانەکە، (33.33%)ی گەنجانیش بەهۆکاری دەوڵمەندبوونی زمانی دەزانن و بەپلەی دووەم دێن، لەکاتێکدا رێژەی (23.07%)ی گەنجان ئاماژەیان بەوەداوە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر زمان نییە، کەوایە زۆرینە لەگەڵ ئەوەدان کە بەکارهێنانی ئەم وشانە مەترسی کوشتنی زمانەکەی لێدەکەوێتەوە. بڕوانە نەخشەی ژمارە (10)

١١. بەکارهێنانی وشە بیانیەکان لەلایەن گەنجان لەنێو خێزان

لەئەنجامی ئەو راپرسییەی کە لە بەرتوێژان کراوە لەوەی، ئایا لەماڵەوە لەکاتی بەکارهێنانی ئەو وشانەدا روبەڕووی تێنەگەیشتن یان رەخنە بوونەتەوە، (52.99%)ی گەنجان بە(بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە و (47.00%)ی گەنجانیش وەڵامەکەیان نەخێر بووە، کەوایە زۆرینەی گەنجان لەئەنجامی بەکارهێنانی وشەی بیانی و کورتکراوە تایبەت بەخۆیان، لەلایەن ماڵەوەو گەورەتر لەخۆیان رەخنەیان لێگیراوە، یاخود لێیان نەگەیشتوون، بڕوانە خشتەی ژمارە (11)

١٢. وشە بیانییەکان و ئاستی بەکارهێنانیان لای توێژە جیاجیاکانی گەنجا

پاش وەرگرتنی رای گەنجان لەسەر ئەوەی کام توێژ زۆرتر لەوانی تر وشەی بیانی بەکاردەهێنێت، دەرکەوت بەپلەی یەکەم و بەرێژەی (42.73%) گەنجان خۆیانن و بەپلەی دووەم و بەرێژەی (29.05%) هەرزەکارانن، لەپلەی سێەمدا و بەرێژەی (16.32%)پێگەیشتوانن، کە ئەو وشانە بەکاردەهێنن پاشان (هەمووان) پێکڕا بەپلەی چوارەم هاتوون و بەرێژەی (8.54%)، بەتەمەنەکانیش کە لەرێگای بەکارهێنانی وشەی عەرەبییەوە بەپلەی یەکەم لەناو زمانە بیانییەکاندا، بەرێژەی (2.56%) پلەی پێنجەمیان وەرگرتووە، کۆتا پلەش کە شەشەمە و بەرێژەی (0.85%) بۆ منداڵان دانراوە، کەوایە گەنجان خۆیان ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە بە پلەی یەکەم خۆیانن لەناوهەموو توێژەکانی تردا وشە بیانییەکان بەکاردەهێنن

١٣. بۆچوونی گەنجان لەسەر ڕاهاتنەوەی زمانیان بەوشەی کوردی و دورکەوتنەوە لەوشەی بیانی

پلەی یەکەمی بەرتوێژان بەرێژەی (76.92%) بە(بەڵێ) وەڵامیان داوەتەوە و(23.07%)ی گەنجانیش بە (نەخێر)، ئەمەش حەزی گەنجان دەردەخات بۆ بەکارهێنانی زمانی خۆیان و ئەوانەشی کە حەزناکەن بەپلەی دووەم هاتوون و بە گوزارشتی جیاجیا ئەم حەزەی خۆیان پیشانداوە.

ئەنجامەکان دەریدەخەن کە زۆرینەی ڕەهای گەنجان ئارەزوومەندی بەکارهێنانی ووشە بیانیەکان نین لەکاتی قسەکردن، هەروەها بەویستی خۆشیان فێری بەکارهێنانی ئەو ووشانە نەبوون، هەربۆیە حەزی دەستبەرداربوونیان لێیان هەیە

## ئەنجام

١. -گەنجان ئارەزوویان لەبەرکارهێنانی وشەی بیانییە، هەستدەکەن زمانەکەیان لەئاستێکی نزمدایەو خاوەنی کەموکورتییە، پێویستە خولی هۆشیارکردنەوە بەبەردەوامی بۆ گەنجان بکرێتەوە، بۆ ئەوەی گرنگی زمانەکەیان و بەکارهینانی وشەی رەسەنی زمانیان لا ئاشنا بێت و ئەو هەستەیان لا بروێتەوە کە زمانەکەیان لە ئاستێکی نزمدایە.

٢. زۆرترین بەکارهێنانی وشەی بیانی لەلایەن گەنجانەوە، لەنێو توێژەکەی خۆیاندایە.

٣. -ڕاگەیاندن یەکەمین ئامرازی سەرەکییە بۆ گەیاندنی وشە بیانییەکان و جوانکردن و بڵاوکردنەوەی لای گەنجان، بۆیە دەبێت کار بۆ جڵەوکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیا لە بەکارنەهێنانی وشەی نارەسەن و بیانی بکرێت.

٤. زۆربەی گەنجان لەکاتی بەکارهێنانی ئەو وشە بیانیانە دووچاری گرفتی لێتێنەگەیشتنیان هاتوون لەلایەن ماڵەوەو کەسە پێگەیشتووەکانەوە، هەروەك ڕەخنەشیان لێگیراوە، ئەمەش وادەکات پاش ماوەیەکی دوور بەتەواوی (زاری کۆمەڵایەتی توێژێی) بە شێوەیەکی بەرچاو تەشەنە بکات، بەجۆرێك لێکتێکەیشتن کەمبێتەوە لەنێوان توێژی گەنجان و توێژەکانی تر .

٥. ئەگەر بێت و بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دیاردەیە نەکرێت و نەخرێتە ژێر چاودێرییەوە، ئەگەری کوشتنی زمانی لێدەکەوێتەوەو وشەکان لە ئایندەیەکی دووردا لەفەرهەنگی ئاوەزی تاکەکانەوە دەگوێزرێنەوە بۆ فەرهەنگی نەتەوەیمان، وەکو ئەوەی لە رابردوودا بەسەر فەرهەنگمان هاتووە لەژێرکاریگەری زمانی عەرەبی وتورکیدا.

## سەچاوەکان


1-ئارام عبدالواحید حمه رەشید، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی لەریا،(1013) سلێمانی.

2-بەکر عمر علی، شێرکۆحمەئەمین، زاروشێوەزار، چاپخانەی چوارچرا، 2006، سلێمانی.

3-برنهاردشیفەرس، و. یووسف فەقیهی، بنەماکانی کۆمەڵناسی لاوان، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، 2008.

4-شەهاب شێخ تەیب، چەند تیشکیك بۆ سەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکان، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، 2013، کەرکوك.

5-عبدالواحید موشیر دزەیی، شیکردنەوەی ئاخاوتن لەزمانی کوردیدا، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2010.

6-مجید سالح، تیۆرییەکانی رای گشتی و راگەیاندن، لە بڵاکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی.ن. ك)، 2006.

7-ئاریا یاسین عبدالله، پێکهاتەی ئاخاوتن و رەنگدانەوەی ناوچەیی لە شێوەزاری گەرمیاندا، زانکۆی گەرمیان کۆلێجی پەروەردە ، 2015.

8-ئازاد عەزیز سلێمان، ململانێی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی ئاداب، 2014.

9-تریفە عومەر ئەحمەد، کاوە عبدالرضا محمد، رۆڵی ماس میدیا لەبەرهەمهێنانی واتای کۆمەڵایەتی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ژمارە (9) ، 2016.

10-رێبەر گۆران مستەفا، جیاوازی نێوان زمانی تەلەڤیزیۆن و زمانی رۆژنامە لە هەواڵدا، (گۆڤاری کەوانە)، ژمارە 24ی تشرینی یەکەمی 2013.

11-محەمەد مەحوی، زمانو زمانەوانی لە رۆژنامەگەریتیدا، گۆڤاری رایەن، ژمارە 7و 8، بەهاری2003.

12-نەریمان عەبدوڵا خۆشناو، شوکرمحەمەد ساڵح، گۆڕانی زمان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(4)، 2014.

13-ابراهیم خلیل، مدخل الی علم اللغة، دار المیسرة للنشر والتوزیع والطبع، عمان، الاردن، 2010.

14-هدسن.ت.محمود عبدالغني عیاد، علم اللغة الأجتماعي، دار الشؤون الثقافیة العامة، بغداد، 1987.

15-سعید بو معیزة، اثر وسائل الاعلام علی قیم والسلوکیات لدی شباب، اطروحه الدکتورا، جامعة الجزائر، 2006.

## پاشکۆ

## وێنەیەك لە فۆرمی زانیاری راپرسیی

یەکەم/ زانیارییە گشتییەکان:

1/1. ڕەگەز: نێر: ☐ مێ ☐

1 /2. تەمەن: ☐ ساڵ

1 /3. خوێندکاری چ بەشێکیت : ..........................................................

1 /4. شوێنی نیشتەجێبوون: ناوەوەی شار ☐ دەرەوەی شار ☐

دووەم/ زانیاریی تایبەت بە بابەتی توێژینەوەکە:

1- ئایا وشەی بیانی بەکاردەهێنیت؟ (ئەگەر وەڵامەکەت نەخێر) بوو، پرسیاری دواتر وەڵام مەدەرەوە)

-بەڵێ ☐

-نەخێر ☐

2- ڕێژەی بەکارهێنانی ئەو وشانە لای کەسیی خۆت لە چ ئاستێکدایە؟

- زۆر ☐
- مامناوەند ☐
- کەم ☐

3- ئەگەر وەڵامەکەت (بەڵێ)یە، ئەو وشانە چین کە بەکاریاندەهێنیت؟

..................................................................................................................................

4- هۆکاری بەکارهێنانی ئەو وشانە چین لای تۆ؟ (دەتوانیت زیاترلەوەڵامێك هەڵبژێریت).

- زاراوەی زانستین ☐
- تەکنەلۆجیان ☐
- ئارەزوومەندیین ☐
- ئاسانن لەسەر زمان ☐
- راهاتووم بە بەکارهێنانی ☐

5- لەگەڵ بەکارهێنانی ئەم وشانە چ هەستێکت لا دروست دەبێت؟

.......................................................................................................................

6- لە چ شوێنێك زیاتر ئەو وشانە بەکاردەهێنیت؟

- ماڵەوە ☐
- زانکۆ ☐
- لەگەڵ هاوڕێکانم ☐

- شوێنی فەرمی ☐
- لەهەموو شوێنێك ☐

7- لەکوێ ئەو وشانەت بیستووە؟
- لەرێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە ☐
- لەرێگەی هاورێکانمەوە ☐
- لەرێگەی خوێندنەوە ☐

8- ئەگەر وەڵامەکەت (نەخێر)ە، چی بکرێت بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە؟
- ..............................................................................................................................

9- کام وشانەت پێباشە بەکار بهێنرێت؟
- کوردی و خۆماڵی ☐
- بیانی ☐

10- بەڕای تۆ ئەو وشانە چ کاریگەرییەکی بۆ سەرزمان دەبێت؟
- دەوڵەمەندی دەکات ☐
- زمانەکە دەکوژێت ☐
- هیچ کاریگەری لەسەرزمان نییە ☐

11- ئایا لەماڵەوە لەکاتی بەکارهێنانی ئەو وشانە توشی تێنەگەیشتن یان رەخنەیان بویتەتەوە؟
-بەڵێ ☐
- نەخێر ☐

12- بەڕای تۆ کام چین و توێژ ئەو وشانە زۆرتر بەکاردەهێنن؟
- منداڵان ☐
- هەرزەکاران ☐
- گەنجان ☐
- پێگەیشتووان ☐
- بەتەمەنەکان ☐
- هەمووان ☐

13- ئایا حەزدەکەی زمانت رابێتەوە لەسەر بەکارهێنانی وشەی کوردی خۆماڵی، لەبری وشە بیانییەکان؟
-بەڵێ ☐
-نەخێر ☐

(( سوپاس بۆ وەڵامدانەوەت ))

**خشتەی ژمارە (1) زانیارییە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە**

| برگە | | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 46 | 39.32 |
| | مێ | 71 | 60.68 |
| | کۆی گشتی | 117 | 100 |
| بەشی زانستی | زمانی کوردی | 9 | 7.64 |
| | زمانی عەرەبی | 9 | 7.64 |
| | زمانی ئینگلیزی | 9 | 7.64 |
| | باخچەی ساوایان | 8 | 6.83 |
| | مێژوو | 9 | 7.64 |
| | جوگرافیا | 10 | 8.54 |
| | دەروونناسی | 13 | 11.11 |
| | بایۆلۆجی | 7 | 5.98 |
| | کیمیا | 4 | 3.41 |
| | سامانی ئاژەڵ | 8 | 6.83 |
| | پزیشکی | 8 | 6.83 |
| | ئەندازیاری | 7 | 5.98 |
| | زانستە کۆمەڵایەتییەکان | 8 | 6.83 |
| | وەرزش | 8 | 6.83 |
| | کۆی گشتی | 117 | 100 |
| شوێنی نیشتەجێبوون | دەرەوە | 67 | 57.26 |
| | ناوەوە | 50 | 42.73 |
| | کۆی گشتی | 117 | 100 |

**خشتەی ژمارە(2)**

| ژ | ناوی شارەزاو پسپۆڕ | پلەی زانستی | پسپۆری | شوێنی کارکردن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | د.عبدالجبار مستەفا مەعرووف | پ. یاریدەدەر | زمان | زانکۆی سلێمانی |
| 2 | د. تاراعبداللە سعید قادر | پ. یاریدەدەر | زمان | زانکۆی سلێمانی |
| 3 | د. ئاڤێستا کەمال | پ. یاریدەدەر | زمان | زانکۆی سلێمانی |
| 4 | د. دارا حمید | پ. یاریدەدەر | زمان | زانکۆی گەرمیان |
| 5 | د.ئومید بەرزان برزۆ | پ. یاریدەدەر | زمان | زانکۆی گەرمیان |

خشتەی ژمارە (3): (بەکارهێنانی وشەی بیانی لای گەنجان)

| ئایا وشەی بیانی بەکاردەهێنیت؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
| --- | --- | --- | --- |
| بەڵێ | 65 | 55.97 | یەکەم |
| نەخێر | 52 | 44.01 | دووەم |
| کۆی گشتی | 117 | %100 | |

**خشتەی ژمارە (4): (ئاستی بەکارهێنانی وشەی بیانی لای گەنجان)**

| ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم وشانە لای کەسی خۆت لە چ ئاستێکدایە؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
| --- | --- | --- | --- |
| زۆر | 18 | 15.38 | سێیەم |
| مامناوەند | 79 | 67.52 | یەکەم |
| کەم | 20 | 17.09 | دووەم |
| کۆی گشتی | 117 | %100 | |

خشتەی ژمارە (5): (هۆکارەکانی بەکارهێنانی وشەی بیانی لای گەنجان)

| هۆکاری بەکارهێنانی ئەو وشانە چین لای تۆ؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
| --- | --- | --- | --- |
| زاراوەی زانستین | 10 | 8.54 | چوارەم |
| تەکنەلۆجین | 9 | 7.69 | پێنجەم |
| ئارەزوومەندین | 45 | 38.46 | یەکەم |
| ئاسانن لەسەر زمان | 16 | 13.67 | سێیەم |
| ڕاهاتوم بەبەکارهێنانی | 37 | 31.62 | دووەم |
| کۆی گشتی | 117 | %100 | |

خشتەی ژمارە (6): (شوێنی بەکارهێنانی وشە بیانییەکان لەلایەن گەنجانەوە)

| لەچ شوێنێک زیاتر ئەو وشانە بەکاردەهێنیت؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
| --- | --- | --- | --- |
| ماڵەوە | 5 | 4.27 | چوارەم |
| زانکۆ | 26 | 22.22 | سێیەم |
| لەگەڵ هاوڕێکانم | 54 | 46.15 | یەکەم |
| شوێنی فەرمی | 5 | 4.27 | چوارەم |
| لەهەموو شوێنێک | 27 | 23.07 | دووەم |
| کۆی گشتی | 117 | %100 | |

خشتەی ژمارە (7): (سەرچاوەی وەرگرتنی وشە بیانیەکان لای گەنجان)

| لەکوێ ئەو وشانەت بیستووە؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| لە ڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندن | 50 | 42.73 | یەکەم |
| لەڕێگای هاوڕێکانمەوە | 40 | 34.18 | دووەم |
| لە ڕێگای خوێندنەوە | 27 | 23.07 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 117 | %100 | |

خشتەی ژمارە (8): (دیدی گەنجان لەسەربەکارهێنانی وشەی (بیانی، خۆماڵی))

| کام وشەت پێباشە؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| کوردی و خۆماڵی | 97 | 82.90 | یەکەم |
| بیانی | 20 | 17.09 | دووەم |
| کۆی گشتی | 117 | %100 | |

خشتەی ژمارە (10) ( کاریگەری بەکارهێنانی وشە بیانیەکان لەسەر زمانی کوردی)

| بەرای تۆ ئەو وشانە چ کاریگەری بۆ سەر زمان دەبێت؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| دەوڵەمەندی دەکات | 39 | 33.33 | دووەم |
| زمانەکە دەکوژێت | 51 | 43.58 | یەکەم |
| هیچ کاریگەرییەکی لەسەر زمانەکە نییە | 27 | 23.07 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 117 | %100 | |

خشتەی ژمارە (11): (بەکارهێنانی وشە بیانی لەلایەن گەنجانەوە لەنێو خێزاندا)

| ئایا لەماڵەوە لەکاتی بەکارهێنانی ئەو وشانە توشی تێنەگەیشتن یان ڕەخنەیان بویتەتەوە؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 62 | 52.99 | یەکەم |
| نەخێر | 55 | 47.00 | دووەم |
| کۆی گشتی | 117 | %100 | |

خشتەی ژمارە (12): (وشەبیانییەکان و ئاستی بەکارهێنانیان لای توێژە جیاجیاکانی گەنجان)

| بەرای تۆ کام توێژ ئەو وشانە زیاتر بەکاردەهێنن؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| منداڵان | 1 | 0.85 | شەشەم |
| هەرزەکاران | 34 | 29.05 | دووەم |
| گەنجان | 50 | 42.73 | یەکەم |
| پێگەیشتوان | 19 | 16.23 | سێیەم |
| بەتەمەنەکان | 3 | 2.56 | پێنجەم |
| هەمووان | 10 | 8.54 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 117 | %100 | |

خشتەی ژمارە (13): (بۆچوونی گەنجان لەسەرڕاهاتنەوەی زمانیان بەوشەی کوردی و دورکەوتنەوە لەوشەی بیانی)

| ئایا حەزدەکەی زمانت ڕابێتەوە لەسەر بەکارهێنانی وشەی کوردی و خۆماڵی لەبری وشە بیانییەکان؟ | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 90 | 76.92 | یەکەم |
| نەخێر | 27 | 23.07 | دووەم |
| کۆی گشتی | 117 | %100 | |